# گوڵدانی زانین



## ئەو مانگەی زانایانی تووشی واقوڕمان کرد!

هەسارەی زەوی کە لەسەری دەژین، نزیکەی ١٥٠ملیۆن کیلۆمەتر لەخۆرەوە دوورە، لەکاتێکدا هەسارەی نیپتۆن نزیکەی ٤٥٠٠ملیۆن کیلۆمەتر دوورە، بۆیە ئەم هەسارەیەو مانگەکانی خەسڵەتی ساردیی لەڕادەبەدەریان هەیە، کەچی هەسارەی زەوی خاوەنی خۆرێکی بەهێزو هەندێک جار سووتێنەرەو گەرمابیەکەی بەزۆربەی ناوچەو کونوقوژبنەکانی زەویدا بڵاودەبێتەوە.

گەورەترین مانگی نیپتۆن ناوی «ترایتۆن»ـە کە بڕێکی زۆر کەمی گەرمای خۆری پێدەگاتو بەوەناسراوە کە ساردترین ئەستێرەی گرووپی خۆرە، چونکە پلەی گەرمی تیایدا دەگاتە ٢٣٦پلە ژێر سفرەوە، لەهەمان کاتدا بە چالاکترین مانگە لەڕووی بومەلەرزەو بورکانە بەفرینەکانیەوە.

پرسیاری واقوڕمێنەر ئەوەیە: بورکانەکان چۆن لە مانگێکدا سەرهەڵدەدەن کە ساردییەکەی دەگاتە ٢٣٦پلەی ژێر سفر؟ بۆچی ئەم مانگە بەئاڕاستەی پێچەوانەی ئەو هەسارەیەوە دەخولێتەوە کە نیپتۆنەو تاقەمانگی گرووپی خۆرە کە ئەو خەسڵەتەی هەبێت؟

زانایان هەتاکو ئێستا لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەو دیاردە ئاڵۆزەی مانگی ترایتۆن نییەو پێویستە گەشتی زۆر بۆ نیپتۆنو مانگەکانی بکرێت، بۆ هەڵهێنانی نهێنییەکانی ئەو دیاردەیە.

## یەکەمین تاقیکردنەوە

کاتێک مرۆڤ دەنگی لە سەرچاوەی جۆربەجۆرەوە بەرگوێ دەکەوێت، مێشک کارێکی مەزن ئەنجامدەدات بۆ لێک جیاکردنەوەی ئەو دەنگانەو وردبوونەوە لەو دەنگەی بەلایەوە گرنگە. ئینجا دۆزینەوەیەکی سەرسوڕهێنەر هاتەئاراوەو دەریخست کە باڵندەی جۆری ڕیشۆڵە هەمان کار ئەنجامدەداتو بەپێر جریوەی ئەو باڵندانەوە دەچێت کە لە هەمان جۆرەو دەنگی جۆرەکانی دیکەی باڵندە فەرامۆشدەکات،

## هەوای پیس کاریگەریی لەسەر مێشک هەیە



سەعاتێک هەڵمژینی هەوای پیسبوو بە دوکەڵی ئەگزۆزی ئۆتۆمبیلەکان تەنیا بەس نییە بۆ سەرئێشە، بەڵکو دەبێتە هۆی هێنانەئارای گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردنی مێشکدا. لێکۆڵینەوەیەکی نوێ جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە کە گرووپێک زانای هۆڵەندی ئەنجامیانداوە. زاناکان تاکو ئەوکاتە پێیانوابوو کە هەڵمی هەوای پیس پاش هەڵمژینی دەگاتە مێشک، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە زانایان شێوازی کاریگەریی ئەو هەوا پیسە لەسەر مێشکی مرۆڤو چۆنیەتی تاوتوێکردنی زانیارییەکان لەناو مێشکدا دەخەنەڕوو.

زاناکان تاقیکردنەوەکەی خۆیان لەسەر ئەو کەسانە ئەنجامداوە کە لەناوچەی چاککردنی ئۆتۆمبیلدا دەژینو ١٠دانە لەوانە بۆ ماوەی سەعاتێک لە ژوورێکی پڕ هەوای پاکدا بوونو ١٠دانەی تریش لە ژوورێکی پڕ هەوای ئەگزۆزی ئۆتۆمبیلدا. ئینجا ئەوانە خراونەتە بەر ئامێری تایبەتی پێوانی هێما کارەباییەکانی مێشک، پاش نیوسەعات ئامێرەکان تۆماریانکردوە کە مێشکی ئەو کەسانەی لە ژووری پڕ هەوای پیسدا بوون نیشانەی ماندووبوونیان پێوە دیاربووە، ئەمەش مانای ڕوودانی گۆڕانی شێوازی تاوتوێکردنی زانیارییەکانە لە مێشکدا.

ئەم کاریگەرییە هەتاکو سەعاتێک پاش جێهێشتنی ژووری تاقیکردنەوەکە بەردەوامبووە، بۆیە پاول براون، توێژەری سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوەکە دەڵێت: «ئەنجامی ئەوە دەتوانین ڕادەی کاریگەریی هەوای پیسی بەردەوام لەسەر ڕادەی وردبوونەوەو بیرکردنەوەی ئەو کەسانە بقەبڵێنین کە لە شارەکاندا دەژین.»

## چیرۆکی گەڕان بەدوای
## بەرزترین لوتکەشاخ لە جیهاندا

لوتکە ئیڤرێست دەکەوێتە ناو زنجیرە چیاکانی هیمالایەوە لە ئاسیاو بە بەرزترین لوتکەی جیهان دادەنرێتو لە ڕۆژی دۆزینەوەیەوە لە ساڵی ١٨٥٦دا خەونی گەورەی گشت ئەو وەرزشەوانانە بووە کە بە چیاکاندا هەڵدەگەڕێن. لەماوەی ١٠٠ساڵدا ١٥وەرزشەوانی هەڵگەڕانی بەناوبانگ مردوونو کۆششی ١٣وەرزشەوانیش بۆ گەیشتنە ئەو لوتکەیە شکستیخواردوە.

ساڵی ١٩٥٣ وەرزشەوانی هەڵگەڕان بەچیاکاندا (ئەدمۆن هیلاری) کە نیوزلەندی بوو لەگەڵ هاوکارە نیپاڵییەکەی گەیشتە ئەو لوتکەیە، هەتاکو مێژوو ئەو تۆمارە مەزنە بۆ خۆیو هاوکارەکەی تۆماربکاتو ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکان مانشێتی سەرکەوتن بەسەر ئیڤرێستدا بڵاوبکەنەوە.

ناوی ئیڤرێستی ئەو لوتکەیە، چیرۆکێکی مێژوویی لەپشتییەوەیە، چونکە لە کاتی دۆزینەوەی ئەو لوتکەیەدا ساڵی ١٨٥٦، هیندستان لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکراوبوو، کاتێک دەنگوباسەکە گەیشتە حوکمڕانی بەریتانی، بڕیاریدا ناوی بنێ ئیڤرێست، وەک ڕێزنانێک لە حوکمڕانی بەریتانیی پێش خۆی لە هیندستان.

پێش دڵنیابوون لە لوتکەی ئیڤرێست کە بەرزییەکەی دەگاتە ٨٨٤٨ مەتر، نازناوی بەرزترین لوتکە دەبەخشرایە چەندین لوتکەو ئامرازی پێوانی وردبین نەبوو بۆ زانینی بەرزیی لوتکەکان. لە سەدەکانی حەڤدەهەمو هەژدەهەمدا ئەو بڕوایە زاڵبوو کە لوتکەی زنجیرەچیاکانی ئەندیز لە ئەمریکای باشوور بەرزترین لوتکەی جیهانە. ئینجا لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەندێک زانا ئاشکرایانکرد یەکێک لە لوتکەکانی هیمالایا بەناوی دولا جیری بەرزترین لوتکەی جیهانە. ئەم جیاوازییەی بیروڕا هەتاکو کاتی دۆزینەوەی ئیڤرێست بەردەوامبوو.



## بۆ زمانی باڵندەکان

هەروەک ئەو مرۆڤەی لەناو قەرەباڵغییەکی فرەنەتەوەییدا دەنگی هاووڵاتیانی خۆی وەردەگرێت. هەروەها زانایان هاوشێوەیی نێوان میلۆدیی هەرجۆرە باڵندەیەکیان دۆزییەوەو لێکچوونی شێوازی پێکهاتنی جریوەکانو شێوازی فێربوونی زمان لەلایەن مرۆڤەوەیان دۆزییەوە، هەر لە سەرەتای تروکانی هێلکەو دەرچوون لە هێلکەوە.

